گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(#) – ژمارە(#)، ####٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# گرنگترین هونەرمەندانی ناوداری کورد لە هونەری پۆرترێتی هاوچەرخدا

**ئیڤان نجم الدین صالح**

بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

evanart1234@gmail.com

**پ.د. مەولود ئبراهیم حەسەن**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

mawlud.hassan@su.edy.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/٣٠

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٢/١

بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

Art, Color Artist, Technique, Portrait

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.4.15

## پوختە

پۆرترێت یەکێکە لەو پرۆسە بەرچاو و دیارە هونەرییە مەیدانییەی ، کە لە مێژووی هونەری شێوەکاریدا ، بە بەردەوامی لە نێوەندی گەشەسەندندا بووەو لەسەرجەم قۆناغە هونەرییە کاندا ئامادەگییەکی بەرچاوی هەبووە و هەیە ، هەر لە ڕابردوویەکی دێرینەوە گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری پێدراوە. پۆرترێت هۆکارێکە بۆ دەربڕینی ناخی و دەروونی کەسەکان و قوڵبوونەوەی خود یاخود ناسینی کەسی بەرامبەر و هەستەکانی. پۆرترێتی هاوچەرخ وایی کرد زیندووبونەوەیی پۆرترێت بە چەندین جۆرو تەکنیکی جیاواز سەر هەڵبداتەوە لەگەڵ ئەمەشدا گرینگی هونەریی پۆرترێت دەربخات. ئەم توێژینەوەیی ئێمە هەوڵێکە بۆ توێژینەوە لە ( گرنگترین هونەرمەندانی ناوداریی کورد لە هونەریی پۆرترێت) لەسەر هونەریی پۆرترێت لە لایی هونەرمەندانی کورد کە بە چەندین تەکنیک کاریان کردووەو خستنەڕوویی گرنگترین پۆرترێتەکانیان. توێژینەوەکەمان لە چوار بەش پێک دێت: بەشی یەکەم : چوارچێوەیی گشتی پێکدێت، کە تێیدا گرفت و گرنگی و ئامانج و سنوورو پێناسەی زاراوەکان. لێرەدا توێژەر باس لە کێشەیی توێژینەوەکە دەکات: ئایا تەکنیکەکانی هونەری

پۆرترێت لای هونەرمەندانی کوردی هاوچەرخ ، تەکنیکی تایبەت بە خۆیانە، یاخود لاسایکردنەوەی تەکنیکەکانی هونەرمەندانی خۆرئاواییە ؟ هاوکات زاراوەیی پێناسەکان وەکو زاراوەیی: پۆرترێت، هاوچەرخ کردووە . بەشی دووەم: چوارچێوەیی تیۆریی توێژینەوەکە لە سێ تەوەرە پێک دێت وەک ١- پۆرترێت لە قوتابخانە هونەرییەکان ٢- پۆرترێتی هاوچەرخ ٣- هونەریی پۆرترێت لە نێو هونەرمەندانی کوردا. بەشی سێیەم :میتۆدو جێ بەجێ کاریی شیکاری توێژینەوە: پێک دێت لە شیکردنەوە بۆ چەند نموونەیەکی هونەری پۆرترێتی هاوچەرخ لە لایی هونەرمەندانی کورد. بەشی چوارەم: پێک دێت لە ئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیارو لیستی سەرچاوە.

## ١- چوارچێوەی گشتی توێژینەوە :

١- گرفتی توێژینەوە :

گۆڕانکارییەکانی هونەری وێنەکێشان لەگەڵ سەردەمدا و تێپەڕبوونی کات بەسەر کارە هونەرییەکاندا، گەیشتووەتە پلەی زۆر بەرز و داهێنان. هونەریی پۆترێتیش یەکێکە لەو هونەرانەیی لە کۆندا هەبووەو لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بەرەو پێشچوونی بەرچاوی بە خۆوە بینووە ، بە تایبەتی لە ڕوویی تەکنیکی سەرهەڵدانی تەکنەلۆجیا هەموو تەکنیکەکانی گرتەوە . لە نێو هونەرمەندانی کوردا ڕەنگدانەوەی ئەم تەکنیکانە دەبینرێت . هەرچەندە بە ڕێژەیەکی کەم بوو بەڵام، توانراوە پێشکەوتن لە کارە هونەرییەکانیاندا ببینرێت بە تایبەتی لە نۆوەدەکانی سەدەیی ڕابردوو، تا ئێستا هونەرمەندان لە هەوڵی ئەمەدان تەکنیکی جیاوازتر لە کارە هونەرییەکاندا بەکاربهێنن. بەهۆیی کەمی بەڵگەو کتێب لەسەر سەلماندنی کارەکان و دەست پێشخەرییەکانی ئەم تەکنیکانە ، لە نێو هونەرمەندانی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر کەم نووسراو هەیە، تەنها لە ڕێگەیی چاوپێکەوتنی هونەرمەندان ڕێژەیەکی کەم لە گۆڤار دەتوانرێت کارە هونەرییەکان و زانیارییەکان پشت ڕاست بکرێنەوە بخرێتە ڕوو . بۆیە توێژەر لە میانەی بە دواداچوونی بۆ کارە هونەرییەکان و زانیارییەکاندا پرسیاری کێشەی توێژینەوەکەیی بەم جۆرە دەکات :- ئایا تەکنیکەکانی هونەری پۆرترێت لای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەرمەندانی کوردی هاوچەرخ ، تەکنیکی تایبەت بە خۆیانە، یاخود لاسـایکردنەوەی تەکنیکەکانی هونەرمەندانی خۆرئاواییە ؟

٢- گرینگی توێژنیەوە :

١- پێویسـتی هونەری کوردی هاوچەرخ لە بواری پۆرترێت. لێکۆڵینەوەی دەربارەوە بکرێت، لە ڕوویی تیۆریی و پراکتیکی لە کارەکاندا. ڕێژەی زۆر کەم لە کتێب، بە تایبەتی لە بواری هونەری پۆرترێت. لە هونەرمەندانی کوردی هاوچەرخدا بڵاونەبوونەتەوە.

٢- خسـتنە ڕوویی تایبەتمەندیی کارە هونەرییەکان لە بواری هونەری پۆرترێت لە کاری وێنەکێشـانی کوردی هاوچەرخدا .

٣- ئامانجی توێژینەوە :

- ئاشنابوون بە تەکنیکەکانی هونەری پۆرترێت لە کاری وێنەکێشانی کوردی هاوچەرخدا .

٤- سنوری توێژینەوە :

سنوری بابەتی : گرنگترین هونەرمەندانی ناوداری کورد لە هونەری پۆرترێتدا

سنوری زەمەن : ٢٠١٧- ٢٠٢١

سنوری شوێن : هەرێمی باشووری کوردستان ، سلێمانی- هەڵەبجە

٥- پێناسەی زاراوەکان :

پۆرترێت : لە ڕوویی زمانەوانیەوە :

" وێنەکە ، وێنەکێشانە بۆ نموونە (زەیتی) یان وێنەیەکی فۆتۆییە کە شێوەی کەسەکە بە وردەکاری دەردەخات ".( ورن: ١٩٩٨: ٥٧٢)

لە ڕوویی زاراوە :

"یەکێکە لەو پرۆسـە بەرچاو و دیارە هونەرییە مەیدانییەی ، کە لە مێژووی هونەری شـێوەکاریدا ، بە بەردەوامی لە نێوەندی گەشـەسـەندندا بووەو لەسـەرجەم قۆناغە هونەرییە کاندا ئامادەگییەکی بەرچاوی هەبووە و هەیە ، هەر لە ڕابردوویەکی دێرینەوە گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری پێدراوە."( قادر: ٢٠١٣: ٧ )

لە ڕوویی کارایی : وێنەی تاکە کەسی مرۆڤەکانە، کە بە شێوەی جۆراو جۆر وێنە دەکێشرێت وە ناسینی ڕووخساری تەواوی مرۆڤەکانە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###۲۰۲۰
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوچەرخ :

لە ڕوویی زاراوە :

" واتە هونەری ئەمڕۆ ، بە شێوەیەکی بەربڵاوتر کاری هونەری تێدایە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ۲۰ و سەرەتای سەدەی ۲۱ بەرهەم دەهێنرێت . بەرهەمهێنراوە لە دوای بزوتنەوەی مۆدێرنەوە تا ئەمڕۆ پێناسە دەکرێت . ئەم ڕێبازە هونەرییە خاوەنی شێوازی خۆیەتی کە لە کە سانی تر جیای دەکاتەوە (https://www.iesa.edu)"

لە ڕوویی کارایی :

توێژەر تەبایە لەگەڵ ئەم پێناسە بۆ هاوچەرخ "هاوشانی کردنی هەموو شتێکی نوێ و هە نوکەیی کە ئەو پەیوەندیە جەدەلیە لە کارلێکردن و کێشکردن بەرجەستە دەکات کە لە ڕێیەوە کلتور بە پێی ڕوانگەیەکی سەردەم دەپاڵێوێ(ڕەسول:۲۰۱۰ : ۲۸)

**چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە :**

تەوەرەی یەکەم :   پۆرترێت لە قوتابخانە هونەرییەکان لە هونەری وێنەکێشاندا

پۆرترێتی ڕیالیزم:(Realism portrait)

لەگەڵ سەرهەڵدانی ریالیزم چەندین هونەرمەند بە دەرکەوت یەکێک لە مانە (گۆستاف کۆربێCourbet Gustav ۱۸۱۹ -۱۸۷۷) هونەرمەندێکی بەناوبانگی فەڕەنسی بوو." لە ماوەی بزووتنەوەی ڕیالیستی سەدەی نۆزدەیەم ئەوتوانی شێوازی جیاواز و سەربەخۆی لە هونەردا دەربخات لە تەکنیکە هونەرییە تەقلیدییەکان دووربکەوێتەوە ، ستایلە بێهاوتایەکانی بوو بە سەرچاوەی ئیلهام لە نێوان کۆبیزم و ئیمپریۆشینزم "(-https://www.gustave courbet.com)بووە هەنگاوی نوێ بەرەو گۆڕنگاری نوێتر لە کارەکاندا بە تایبەتی پۆترێت."یەکێکە لە سەرچاوەکانی مۆدێرنە پۆرترێتی هاوڕێ و کڕیارەکانی کردووە وە هەروەها پۆرترێتی خۆی کردووە.لە کارەکانی داهێنانی زۆری کردووە، وە لە پۆرترێتەکانیشیدا ڕەنگی داوەتەوە. کۆربێ ماناو ڕەنگ و شێوەی گۆڕی لە جۆری بە کارهێنانی فڵچەو دانانی ڕەنگ ونوێکاری لە هێلەکانید ا تادە گاتە گۆڕانی بنەڕەتی لەماناو بابەتی تابلۆکاندا" (ڕەسول:۲۰۰۵: ۵)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی (١) گۆستاڤ کوربێ
پیاوە بێ هیواکە ،١٨٤٣، ٥٥×٤٥ سم

پۆرترێتی ئیمپرێشێنزم :(Impressionism portrait)

لەســەدەی نۆزدەهەم بە هۆی ســەرهەڵدانی ئیمپرێشــینزمەکان و دواتر بەرەوقۆناغی ئێکســپرشــێنزم هونەرمەنـدانی بە توانـای بە خۆوە بینی نموونە لەوانە " (پۆل ســـیزان paul cezanne ١٨٣٩-١٩٠٦)هەروەك دەڵێت : ئەو ئیمپرێشینزمەی لە سروشتەوە نیگاردەکێشێت وێنەی تەنەکانی سروشت نـاگوازێتەوە، بەڵکو پەی بەهەســـتی تەنەکـان دەبـات "(هۆچ:٢٠١٧: ١٣٠) وە، هەروەهـا هونەرمەنـدی بلیمەت (ڤـانکۆخ) بە تەواوی جیـاوازی کـارەکـانی بە دیـاردەکەوێـت. وێنەکێشـــانی پۆرترێت لەلایی (ڤـانکۆخ) ئەچێتە جیهـانێکی خەیـاڵیەوە بە تەواوی جیـادەکرێتەوە کـارە هونەرییەکـانی لە هەموو هونەرمەنـدێـک. ســـەرەتـا وەک و ئیمپرشـــینزم دواتر بە هونەرمەنـدەکی ئێکســـپرشـــێنیزم دانرا." (ڤانکۆخ vincet vangogh ١٨٥٣-١٨٩٠ دەڵێت: من خەون بە نیگارەکانم دەبینم پاشـــان خەونەکەم نیـگـاردەکەمەوە" (hutchens:2013:55) تەکنیکەکـانی (ڤـانکۆخ) بریتی بوون لە (خـاڵـداری، ئیمپاستۆ) "(ئیمپاستۆ Impasto) تەکنیکەکی وێنەکێشانە چینێک دروست دەکات، ڕەنگی ئەستوور و چروپڕ دەکات لەســـەر تابلۆی زەیتی بۆیەکە زۆر ئەســـتووورە کە جێی فڵچەکان دیارن و بۆیەکە دەچەســـپێت، بەکارهێنانی تەکنیکی (ئیمپاســتۆ) ڕێگەی بە (ڤانکۆخ) دا کە تابلۆکانی بەرز بکاتەوە بۆ شێوەی سێ ڕەهەندی "(howse: 2017: 15)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ####٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی(٢) ڤانكوخ
سێلف پۆرترێت، ٤٥×٦٥ سم ١٨٨٩،

پۆرترێتی کۆبیزم:(Cubism portrait)

کوبیزم، شێوازیکی هونەری زۆر کاریگەر بوو لە سەدەی بیستەمدا، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن هونەرمەندان پابلۆ پیکاسۆ و جۆرج براک لە پاریس سەری هەڵدا. هونەرمەند پاپلۆ پیکاسۆ بە پۆرترێتی ئافرەت ناودارە کە ستایلێکی جیاوازیی هەیە بە بەراورد بە هونەرمەندانی تر. " لەسەدەی بیستەمدا دا بۆیان دەرکەوت کە نابێت سەیری ئەو مۆدێلە بکەن کەوا لە بەرامبەریانە و وەک و خۆی بیگوازێتەوە بە ڵکو شێواندنەک لە ناو کارەکان پەیدابوو، وە سەیرکردنی تایبەتی هونەرمەندەکە بەرامبەر بە کەسەکە دەربرێت بە شێوازی کوبیزم و ڕەتکردنەوەی هەموو بیردۆزەکانی پێش خۆیان "(ستاین:١١:١٩٩٢) ئەمەش هەروەک لە تابلۆی بیکاسۆ بە ناوی(گریانی ئافرەتێک) ئازارەکانی ئافرەتێک نیشان دەدات تابلۆکە. تێکەڵەیەکە لەگەڵ شێوە هەندەسیەکان و هێڵ زاڵە بەسەر کارە هونەرییە پۆترێتەکانیدا، لە یەکێک لە وتەکانی دەڵێت"(ئایا ئەرکە ئێمە هەرچی لە ڕووخساردا هەیە، ڕەسمی بکەین؟ ئەی ئەوەی لە ناویدایە، یا لە پشتی پەردەوە چی؟" تەکنیکی پۆرترێتەکانی (پیکاسۆ) لە دوو قۆناغدا خۆیی بینی قۆناغی شین و قۆناغی پەمەیی. " (جاف :٢٠٢١: ١٠٥)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###۲۰۲۰
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی(۳)پاپلۆ پیکاسۆ
گریانی ئافرەتێک، ۱۹۳۷، ٤۹×٦۰سم

پۆرترێتی ماجیکڵ ڕیالیزم:(Magical realism portrait)

ئەو گۆڕانکارییانەیی کە لەسەدەی بیست دا ڕوویدا بووە هۆیی ئەوەیی، پۆترێتی هونەرمەندەکان قۆناغێکی تر بە خۆوە ببینێت. پۆرترێتەکان تێکەڵ بە خەیاڵ بوون ئەمەش هەروەک لە قوتابخانەی (ماجیکل ریالیزم) دەبینرێت. هونەرمەندی ناسراو فریدا کاهلۆ پۆترێیتەکانی تێکەڵ بە خەیاڵ کردووە یەکێکە لە هونەرمەندە ناسراوەکانی بواری پۆرترێت. "(فریدا کاهلۆ Frida kahlo۱۹۰۷-۱۹٥٤) یەکێکە لە گەورەترین هونەرمەندانی مەکسیك لە ڕێگەی کار و ژیانییەوە، یارمەتی پاراستنی کلتوری مەکسیکی دا. وێنەکێشان یارمەتی فریدای دا کە گوزارشت لە بێهیوایی لە ژیانیدا بکات بەلای ئەو وینەکێشان وەك ژیاننامە کار دەکات" (Raquel:1993:8) هەروەک لە کارە هونەرییە پۆترێتەکانی دەربڕینی ئازارەکانی ژیانی خۆی نیشان دەدات. "وتەیەکی بە ناوبانگی هەیە دەڵێت : ( من وێنەی خۆم دەکێشم، کە هەمیشە تەنهام. من خۆم لە خەڵکی باشتر دەناسم) بەلام بەلایی فریدا کارە هونەرییەکانی خەون و خەیاڵ نیە بەڵکو ڕاستییەکانە، ڕەمزی لە تابلۆکانی بەکاردەهێنا کەشێکی سوریالیزمیشی دەبەخشی بەڵام ئازارو دەربڕینەکانی بە تەواوی ژیانی ڕاستی خۆیی بوون. فریدا بڕێک ڕوونی تایبەتی لە تابلۆکانی بەکاردەهێنا، وەک ڕوونی تۆوی کەتان، ڕوونی گوێز چەندان دەست ڕوونی بەسەر یەکەوە لە قوماشەکەی داوە، تا نەرم ونیانی و زەمینەی تابلۆکە بە دەست بێنێت." (جاف : ۲۰۲۱: ۲۹۳)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ####٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنـــــەی (٤) فەریدا کاهلۆ بیرکـــردنـــەوە لـە مـردن

١٩٤٣، ٤٤ × ٣٧ سم

**تەوەرەی دووەم : پۆرترێتی هاوچەرخ**

١- پۆرترێتی ئۆپتیکەڵ ئارت (optical portrait):

ئۆپیتەکەڵ ئارت بە یەکێک لە هونەری هاوچەرخ دادەنرێت کە بەشـــێوەی هێڵ کاری هونەری لێ دروســـت دەکرێت. جۆرێکە لە فێڵ کردن لە چاو بە شـێوەی جوڵاو وێنەکە دەبینرێت لە کارە هونەری پۆترێتەکـان بە تـایبەتی. مێژووی هونەری ئۆپتیکەڵ ئـارت دەگەڕێتەوە بۆ ســـاڵی" (١٩٦٠) کـان هونەرمەندان لە ڕێگەی دروســتکردنی قالبی ئەندازەیی وەهمی بینایی دروســـت دەکەن ( optical illusions) لەلایەن هەردوو هونەرمەند( Victor vasarely, Bridget riley)لە هونەری ئۆپتیکەل دووبـارە بـوونەوەی فـۆرم و ڕەنـگی ســــادە بەکـاردەهێـنرێـت بـۆ دروســـتـکردنی کـاریگەری لەرزین."(Al Seckel :2004:16)هونەری ئۆپتیکەل جەخت لەسەر ئەمە دەکات کە چاو چۆن کارەکە دەبینێت وەک لەوەی بـابەتی کـارەکە چیە. جۆرێکە لە هونەر کە ڕەنـگ و شـــێوەکان بەکاردێت بۆ دروســـتکردنی کاریگەری بینراو بە پەیوەســـتە بە بیرکاری و یاســـاکانی بیرکاری، چونکە بیرکاری دەتوانێت خەیاڵی بێت . هەندێک لە هونەرمەندەکانیش ســـەلماندویانە کە هونەر دەتوابێت بیرکاری بێت"(roza :2005: 4)

شـێوەی پۆرترێتەکان بەشـێوازی گرافیک دەبینرێت زیاتر کار لەسـەر تاریک و ڕووناکی دەکرێت بەڵام بە شێوازێکی نوێتر و سەردەمیانە بە جۆرێک لەگەڵ کۆمەڵگەی سەردەم دا بگونجێت. تەکنەلۆجیا و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرنامەو ئامێرەکان بە هەمان شـێوە ڕۆڵی گەورەی هەیە لەم جۆرە هونەرەدا. وردەکاری لە کارەکەدا دەبینرێت بەڵام وەک و ئەوەی بە شێوەی ئەبستراکت بە ش بەش کرابێت.



وێنەی(٥)Celso Maria ،مارکۆس مارلین، ٢٠١٤

٢- پۆرترێتی مینیمالیزم(portrait minimalism):

"مینیمالیزم لە نیویۆرک دەرکەوت لە سەرەتایی ساڵی (١٩٦٠) کان ستایلی دووبارە بوونەوە بەسەر کاری هونەرییەکان وای لە هونەرمەندانی گەنج کرد پرسیار لە سنوورە ئاساییەکانی نێوان میدیا جۆراو جۆرەکان بکەن."(Marzona:2004:8 ) مینیمالیزم ئاماژە بە شێوەکان دەکات بە سادەترین شێوە تەنها بە هێڵ و جوڵە هەروەک لە دیزاین ، هونەر، ئەدەب ، مۆسیقا، فیلم، بنەڕەتی کارەکە وەردەگیرێت بە بێ ڕەچاوکردنی هیچ شێوەیەکی تەواو و وردەکاری." مینیمالیزم بزوتنەوەیەکی هونەرییە کە پەیوەندی بە فیزیکی مرۆڤەکانە لەگەڵ کارە هونەریەکەدا، دوورکەوتنەوە لە سروشت و هونەرە لاسایکەرەوەکان، بیردۆزی لاسایکردنەوە پێی وایە کە هونەر هە موو لاسایکردنەوەیە بۆیە هونەر لەسەدەی بیستەمدا ئەم بیردۆزەی پێ هەڵەیە و ڕەتی دەکاتەوە پێی وایە کاتێک کارێک هونەرە کە جیاواز بێت و دوور بێت لە لاسایکردنەوە."( Carroll :1999:24)

پۆرترێتی مینیمالیزم بە شێوەیەکی زۆر سادەو تەکنیکێی سادە دروست دەکرێت بە بەکارهێنانی شێوە ئەندازەییەکان ڕەنگی بریقەدارو گەش بەکارهێنانی هێل بەشێوەیەکی سەرەکی زاڵە بەسەر کارە هونەرییەکە، ئەمەش وایکردووە لە بۆ لایەنی بازرگانی و پۆستەرو دیکۆرات و دیزاین زۆر بەکاربهێنرێت، بەلایی هونەرمەندانی مینیمالیزم سادەیی ڕاسترینە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ####٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی(٦)Aaron Geraud

دیجیتاڵ ئارت، پۆرترێتی ئافرەتێک، ٢٠٢١ا

پۆرترێتی دەربڕینخوازی نوێ(neo expressionism):

"دەربڕینخوازی نوێ لەسەرەتایی ساڵی(١٩٨٠) کاندا بە تایبەتی لە ئەڵمانیا، ئیتاڵیا ، ئەمریکا گەشەی کرد، دژی هونەری (conceptual art)و(minimal art) "(Morga:2017:270) گەڕانەوە بۆ بنەما بنچینەکانی دەربڕین بۆ وێنەکێشانی شێوە بە شێوازی جۆراو جۆر کە بریتی بوون لە بابەتی ئەفسانەیی یاخود گوزارشت بێت لە دەروونی مرۆڤ وئاڵۆزی و جەنجاڵی ژیانی شار بە شێوازی ڕەنگی زیندوو دەریان دەبڕی زۆر جاریش بە شێوەی کارتۆنی دەردەکەوت کارەکانیان لە بەکارهێنانی ڕەنگی بەهێزو هێڵی بە هێز کە هەست بە شڵە ژان و توندوتیژی دەکرا. "(تەکنیکی چاپی ریلیف relief prints) لە دەربڕینخوازی نوێ سەری هەڵدا بە تایبەتی لە لایەن هەردوو هونەرمەند(Georg Baselitz-Jörg Immendorff) هەروەها بە کارهێنانی دار و وێنەکێشان لەسەری."(Wye:2004:27) یەکێک لە هونەرمەندی دەربڕینخوازی نوێ" (جولیان شنابڵ Julian Schnabel١٩٥١) کارە هونەرییەکانی فڵچەکاری دراماتیک، ڕەنگکردنی بە شێوەی هەڵچوون پێکهاتەی گەشاوەی چەسپاو پیشان دەدەن، پەیوەندییەکان لەگەڵ تێکەڵیەک لە ئیمپرێشنیزم ،فۆڤیزم، دەربڕینخوازی بە بیردەهێنەوە، هەروەها سوریالیزم و دەربڕینی ئەبستراک." (Leitch:1996:95)پۆرترێتەکانی بە شێوەی پارچەی قاپ دروست کردووە، لە هەندێک کاتیش دا پارچەدار بەکاردەهێنێت بە گشتی تەکنیکی خۆرسک لە خۆدەگرێت دەربینخوازی نوێ ڕۆڵێکی بەهێزی لەزیندوو کردنەوەی تابلۆ هەبوو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی(٧)marc francois auboire,Julian.
١٥.٥،١٩٨٨x١٥٢،٥x ١٨٣سم،زەیت لەسەردار


**تەوەرەی سێیەم : هونەری پۆرترێت لە نێو هونەرمەندانی کوردا**

هونەرمەندانی کورد لە مێژوودا کاری هونەری پۆرترێتیان کردووە، بەڵام بەپێی ژینگەی هەر وڵات و یاخود هەرشـــارێک پێشـــکەوتن لە هونەر جیاوازە لە کوردســـتان ســـەرەتایی دەرکەوتنی هونەر بە شـێوەیەکی بەرچاو دەگەڕێتەوە بە سـاڵی "سـییەکان ئەو سـاڵەی کەیەکەم دەسـتەی هونەرمەندانی کورد لە بواری نیگارکێشـــان و پۆرترێت دەردەکەون، لە دیارترین هونەرمەندانیش (حەســـەن فەلاح) و(عەزیز ســـەلیم ) لە ســـلێمانی و (دانیال قەســـاب) لە هەولێر ئەم هونەرمەندانە خۆیان، خۆیان پێگەیاندووە و هونەریان نە خوێندووە." (رەسول:٣٨٤:٢٠١٠)

لە بواریی هونەری پۆرترێت توانیوویەتی جێی دەســـتی دیاربێت لە کارەکانیدا ئەمیش " هونەرمەند "(دانیـال قەســـاب١٩١٣-٢٠٠٠)"(http://kurdistanart.blogspot.com) بە دامەزرێنەری هونەری شـــێوەکاری مۆدێرن لە کوردســـتان دادەنرێت. لە هەولێرلە دایک بووە، لە خێزانکی جوولەکە بووە، لە ســـاڵانی(١٩٢٠-١٩٥٠) ســـلێمان شـــاکر دەڵێت: (ئەوکاتەیی ماڵی دانیال بووە کۆڕی ڕۆشـــنبیران و پیاوماقوولانی هونەر دۆست کە ڕەسمی پۆرترێتی هەندێکیانی کردووە) لە خێزانێکی هونەر دۆست بووە، توانیوویەتی داهێنان لە ڕەنگ و تەکنیکی و کەرســـتەیی جیاواز بەکاربهێنێت و دوورکەوتنەوە لە خامەو خەڵووز." (پیربال:٢٠٠٦: ١٠٠)"(حەسەن فەلاح*١٩١٠- ١٩٧٦) لە سلێمانی لە دایک بووە، لەساڵی (١٩٤٢)چووبۆ کوێت پۆرترێتی بۆ(شـێخ صباح السالم الصباح)دروست کرد تا جەنگی جیهانی دووەم لەوێندەر مایەوە." (پیربال:٢٠٠٦: ٩٨) هونەرمەند بە پێی کارەکانی بە دوو شـێواز دەبینرێت یەکەمیان:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توانایی خۆڕسـکیانەی هونەرمەند خۆیەتی، دووەمیان: کاریگەریی شـێوازی هونەری مینیاتۆریانەی (ڕۆژهەڵاتی/ئێران)"(ڕەسول:٢٠١٩: ٤٣)



وێنەی(٨)دانیال قەساب
ئیبراهیم ئاغای عەلی دزەیی، ڕەنگی زەیتی

هەروەها "هونەرمەند (عەزیز سەلیم* ١٩١٥- ٢٠٠٣) لە گوندی میرزی، لە نێوان پشدەرو بنگرد، لە دایک بووە " (پیربال:٢٠٠٦: ١٠٢) کارە هونەرییە پۆرترێتەکانی کەلتووریی کوردیی لە خۆگرتووە، لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆڵێکی گرینگی بە وێنەکێشانی ئافرەت داوە لە هەندێک لە کارەکانیدا کاریگەر بە هونەری ئەوروپی بووە، بە هۆیی زۆریی سەفەرو بینینی هونەری وڵاتانی تر ئەگەرنا لە بۆ وڵاتە ئیسلامیەکان لە کوردستانیش بە تایبەتی زیاتر بایەخیان بە هونەری زەخرەفەداوە هونەری پۆرترێت زۆر کەمتر پەرەیی پێدراوە بە هۆیی لایەنی بیروباوەڕیشەوە کەمتر قبوڵکراوە لە لایەن خەڵکەوە



وێنەی(١٠) عەزیز سەلیم



وێنەی(٩) حەسەن فەلاح

هونەرمەندێکی بە توانا لە بواریی پۆرترێت ئەویش هونەرمەند" (بەدیع باباجان* ١٩٢٣-١٩٦٩) لە کەرکوک لە دایک بووە، لە سەرەتایی ساڵانی پەنجاکاندا، (عەلائەدین سوجادی) داوا لە باباجان دەکات بە هێڵکاری پۆرترێتی شاعیرە کلاسیکیەکان بکێشێت. بەدیع باباجان و عەلائەدین سوجادی وا ڕێک کەوتبوون کە مامۆستا عەلائەدین پێناسەی شێوەو شکڵی شاعیرەکان بۆ باباجان بکات. ئەمیش بە پێی ئەوپێناسانەی ئەو سەردەمەی شاعیرەکان تێیدا ژیاوە، هێڵکارییەکان بکێشێت. (https://www.youtube.com/c/Vimkrd" بەمەش توانایی هونەرمەند بە دیاردەکەوێت کە چۆن بەسەرکەوتووانە توانیوویەتی پۆرترێتەکان دروست بکات لە هێلکاریەکانی زیاتر بە شێوەیی گرافیکی دەبینرێت بەکارهێنانی خەت و تاریکی وڕووناکی بەهێز. هێڵکارییەکانی ناسراون و تەکنیکی تایبەتی کارکردنی لە پۆرترێتەکانی دەناسرێتەوە بە تایبەتی لە پۆرترێتی شەرەفخانی بە دلیسی کە بە یەکێک لە سەرکەوتووترین هێڵکارییەکانی دادەنرێت، لەگەڵ ئەمەشدا وردەکارییەکی زۆریی تێیدا بەرجەستە کردووە لە جل و بەرگ بە تایبەتی.



وێنەی(١١)بەدیع باباجان
شەرەفخانی بەدلیسی

---


(*)"بەدیع باباجان نووسەرو دیزاینەرێکی نێوداری کورد بووە لەگەڵ مەهدی جبوریدا بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، کاری خۆشنووسی و نەخشەسازی دەکرد لە شەقامی ڕەشیدی بەغدا. نووسینگەکەیان ناویی (الخط العربی)بوو. لەساڵی ( ١٩٦٧) لەلایەن بانکی سەرەکی عێراقەوە بانگهێشت کراوە و ڕاسپێردراوە بۆ کێشانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەسازی سەر دراوی عێراقی. دیزاینی بەرگی کتێبی بۆ چەندین کتێب کردووە یەکێك لەوانە( ئەلف و بێی کوردی)" https://manumedia.org
هونەرمەند( قەرەنی جەمیل١٩٥٤) هونەرمەندێکی بە توانایە لەڕوویی تەکنیکی کارەکانی لە بواریی پۆرترێت بە تایبەتی. پۆرترێتەکانی هونەرمەند دەربڕینخوازی و ریالیزم لە خۆدەگرێت بەڵام بە دەربڕینخوازی کارەکانی دەناسرێت، لە ساڵی حەفتاکاندا هونەرمەند بە شێوازی دەربڕینخوازی پۆرترێتی کردووە.
هونەرمەند (وەهبی رەسول*١٩٦٣) لەسلێمانی لە دایک بووە، ئەزموونێکی بە توانایی لە تێکشکاندنی فۆرمەکان هەیە، بەکارهێنانی ڕەنگی زیندوو لە کارەکانی بە ستایلی تایبەتی خۆیی دەناسرێتەوە. پۆرترێتی تێکەڵی بە کارە ڕەنگەکانی کردووە ئەمەش وەک و سەیرکردن و دەربڕینی خۆیی بۆ پۆرترێت، هەروەک هونەرمەند وەهبی رەسول دەڵێت": من پۆرترێتم زۆر کردووە، وەک بنەما بۆکارەکانم کاریگەرییەکی زۆر قوڵ و درێژی هەیە پۆرترێت لە کاری هونەری مندا بە تایبەتی لە قۆناغەکانی هێڵکاریی و دواتر ڕەنگی ئاوی و ڕەنگی زەیتی ڕەنگدانەوەیی هەبووە. زۆرترین کارکردنم لە هێڵکاریی بووە بە هۆیی ئەوەی هێڵی زۆر تێدایە ئەمەش هەروەک لە کاری هونەرییەکانم کە تەکنیکی هێلی تێدایە."(چاوپێکەوتن، وەهبی ڕەسول، ٢٠٢٢)



وێنەی(١٢) وەهبی رەسول، ١٩٩٥



وێنەی(١٣) قەرەنی جەمیل، ١٩٧١

هونەرمەند (محمد اسماعیل *١٩٧١) لە هەولێر لە دایک بووە، ئەزموونی لەسەر پۆرترێت و تەکنیکەکانی کاری هونەری هەیە یەکێک لەو تەکنیکانە کارکردنە بە قاوە. لە هەرێمی کوردستان هونەرمەندێک نیە تایبەت بەو تەکنیکە کاربکات بەڵام هونەرمەند هەیە لە پاڵ ئەزموونی کارەکانی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ####٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قاوەش کاردەکەن. هەروەها هونەرمەند (ئاکۆ کەمال*١٩٨٢) لە سلێمانی لە دایک بووە، کاری هونەری پۆرترێتەکانی تەکنیکی ڕەنگی خەستی زۆر دەبینرێت هونەرمەندانی هاوچەرخ کار لەسەر ئازادبوونی ڕەنگ دەکەن لە کاری هونەریدا، بە هەموو جۆرە تەکنیکێک و تێکشکاندنی هەموو جۆرە فۆرمێک ئەمەش بۆتە جۆرێک لە تەکنیکی هاوچەرخ. هونەرمەند (خەیریی ئادەم١٩٨١*) لە دهۆک لە دایک بووە، کارە هونەرییەکانی بریتیە لە پۆرترێت لە بابەتی کەلتورو زیاتر پۆرترێتی کچ لە خۆدەگرێت هونەرمەند توانیویەتی لەو ڕێگەیەوە جلی کوردیی و ژینگەیی هونەریی وێنەبکێشێت و بەژداریی چەندین پێشانگایی هاوبەش بکات لە دەرەوەیی وڵات و بە دەست هێنانی خەڵات لە پێشانگا نێودەوڵەتیەکان لە ئەمریکا.




وێنەی(١٥ )خەیری ئادەم،                وێنەی(١٤) ئاکۆ کەمال ، ٢٠١٧

١٤٩ ×١٤٢ سم

٩٠ سم ١٢٠X، ٢٠١٨، ڕەنگی زەیتی،

---

*محمد اسماعیل، دەرچووی کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە(ئەمستەردام٢٠١٥) لە وڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێە. خاوەن نۆ پێشانگایی تایبەت لە دەرەوەی وڵات و هەرێم وە چەندین پێشانگایی هاوبەش.(چاوپێکەوتن، محمد اسماعیل، ٢٠٢٢)

* ئاکۆ کەمال، پەیمانگای هونەرەجوانەکان و کۆلێژی هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠١٥ ماستەری لە زانکۆی پاریس یەک تەواو کردووە، لە ئێستا دا لە وڵاتی فەرەنسا نیشتەجێە. خاوەنی چەندین پێشانگایی هاوبەشە لەگەڵ یەک پێشانگایی تایبەت. .(چاوپێکەوتن، ئاکۆ کەمال،٢٠٢٢)

*خەیری ئادەم، دەرچوویی پەیمانگایی هونەرەجوانەکانە لە دهۆک و کۆلێژیی هونەرەجوانەکانە لە هەولێر، خوێندنی ماستەریی لە زانکۆیی سانفرانسیسکۆ لە ئەمریکا تەواو کردووە، خاوەنی ٢ پێشانگایی تایبەت و زیاتر لە ٦٠ هاوبەش.".(چاوپێکەوتن، خەیری ئادەم، ٢٠٢٢)

**بەشی سێیەم :**

٣- میتۆد و جێ بە جێکردنی شیکاری توێژینەوە :

١-١ کۆمەڵگەی توێژینەوە:

لەو ماوەیەدا توێژەر پێداچوونەوەی لە تابلۆی پۆرترێت لە هونەرمەندانی باشووری کوردستان لەپارێزگاکانی سلێمانی، هەڵبجە دا کرد، کە لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەو کێشەی توێژینەوەو ئامانجی توێژینەوە هەروەها بگونجێت لەگەڵ سنووری توێژینەوەکە.

١-٢ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان :

پشت بە ستن بە چوارچێوەی تیۆری ئەنجامەکان.

پشت بە ستن بە سەرچاوەی کتێبخانەکان وێنەکان .

پشت بەستن بە سەرچاوەیی ئینتەرنێت.

پشت بەستن چاوپێکەوتن.

٢-٣ ئامرازی توێژینەوە :

پشت دەبەستێت بە شیکردنەوەی نموونەکان بە میتۆدێکی هونەری پێداهەڵگۆتن کە بگونجێت لەگەڵ پرسیاریی کێشەیی توێژینەوەو دەست کەوتنی ئەنجامەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ####٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی(١٦)

هونەرمەند : عبدالرحمان میرزا

ناونیشانی تابلۆ : نیە

ساڵی بەدیهێنان : ٢٠٢١

پێوانەی تابلۆ : ٣٠ X٣٠ سم

مادەی بەکارهاتوو : ئەکریلیک لەسەر کانڤاس

شوێن :

سلێمانی

لە ئەرشیفی هونەرمەند

شیکردنەوە :

هونەرمەند پۆرترێتی کچێکی کردووە لە کەش و هەوایەکی هارمۆنی ڕەنگی ســاردا، بە جۆرێک کە تێکهەڵکێشـانی پۆرترێت و باگراوندەکەیی کردووە ڕەنگی شـین بەسـەر تابلۆکەدا زاڵە لە هەمان کاتدا ئارامیەک بەچاو دەبەخشێت لە کاتی سەیرکردنی بەکارهێنانی ڕەنگی شین لە تابلۆدا پەیوەندی هەیە بە نەرمی هەروەها هێمنی و میهرەبانیەوە لە دەســتە چەپی تابلۆکە هەنارێک کێشــراوە کە بەشــی گەرمی تابلۆکەیی داگیر کردووە سەرنجی چاو دەچێتە سەر. هونەرمەند تەکنیکی ڕەنگی بە شێوەیی پڕکردنەوەیی ڕووبەرەکان بە ڕەنگ نیشان دەدات وەک لەوەیی بە هێڵ ئەمەش زیاتر لە هونەرمەندانی هـاوچەرخ دەبینرێـت لە دانـانی ڕەنـگ و فڵچە بە شــێوەیەکی ســەردەمیـانە ڕوونی لە ڕەنـگ و تەکنیکەکانی لە فڵچەی وەک ئەوە وایە بە دیجیتـاڵ ئارت دروســت کرابێت لە هەمان کاتدا دانانی ڕەنگی خەســت لە چەند بە شـێکی تابلۆکەدا هەروەها دانانی ڕەنگەکان بە شـێوەیی شـیکردنەوەیی ڕەنگ هەستێکی تەکنیکی ئەبستراکت دەدات ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هونەرمەند چەند تەکنیکێکی تێکەڵ کردووە بەکـارەکەیی، بیروڕاویی هونەرمەنـدانی هـاوچەرخیش بەم شــێوەیە کە تەنها خۆ بەســتنەوە نەبێت تەنها بەتەکنیکێک بەڵکو لە نێو تەکنیکەکاندا بتوانرێت شــێوازیی نوێ تر پەیڕەو بکرێت، بەڵام هونەرمەند توانیویەتی بە شێوەیەکی ئەکادیمی و سەرکەوتووانە ڕەنگەکان دابنێت ئەم جۆرە تەکینکە بـاوە لە هونەری هـاوچەرخ دا بەڵام هونەرمەنـد تـایبەتمەنـدیەکی بە پۆرترتەکەیی بەخشــیوە ڕەنگدانەوەیی خۆیی دەبینرێت لە نێو تەکنیکەکەدا وەک و دۆزینەوەیی تەکنیکی تایبەت بە خۆیی لە پۆرترێت. تەکنیکی داپۆشــینی چاوەکانی پۆرترێتەکە بە ڕووبەرێکی لە ڕەنگ نەبوونی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چاو لە پۆرترێت لایی هونەرمەند ڕەنگە پەیامێکی خۆیی بێت، بەڵام نەبوونی چاو هەستێکی خەمباریی دەبەخشێت چونکە چاو پیشاندانی ڕۆحی مرۆڤەکانە لە ڕێگەیی چاوەوە زۆرجار دەگەین بە ڕۆحی کەسەکان بۆیە نەبوونی چاو زۆر جار بە واتایی سەیرنەکردنی زۆر شت دێت لە ژیان، چونکە "چاو بە پەنجەرەکانی ڕۆح دادەنرێن، لەوانەیە تۆڵەی کەسێکی بێ ڕۆح بێت کەسێک کە هەستەکانی خۆیی بشارێتەوە."( بەکارهێنانی هەنار وەک و سیمبولێک دەبینرێت لە تەنیشت پۆرترێتەکدا هەنار میوەکە لە زۆر تابلۆ بەکارهاتووە لە جیهاندا هەر یەکەو بە مەبەستێک دەیگەیەنێت زۆرجار بە مانایی زیندوبوونەوە وزۆربوون دێت بە هۆیی زۆریی دەنکەکانی. وەک کیمابارانی هەڵەبجە لە خۆدەگرێت بە هۆیی کەوتنی دەنکەکانی هەنارەکە و داخستنی چاویی پۆرترێتەکە بەرامبەریی ڕەنگی پۆرترێکە و تەکنیکی وەک و کەسێکی بێ ڕۆح دەبینرێت.




وێنەی(١٧)

هونەرمەند : بەهجەت عومەر
ناونیشانی تابلۆ : Resignation syndrome
ساڵی بەدیهێنان : ٢٠١٩
پێوانەی تابلۆ : ٢٠٠ X ٢٠٠ سم
مادەی بەکارهاتوو : قەڵەمی (ink) و ڕەنگی ئەکریلیک لەسەر دار
شوێن : dronningens gate 27,0154 olso, norway
لە ئەرشیفی هونەرمەند

شیکردنەوە :

هونەرمەند پۆرترێتی منداڵێکی کێشاوە بە تەکنیکێکی جیاواز بە بەکارهێنانی پارچە داری باریک لەسەر یەک بە تەکنیکی گرافیتی هێڵ زاڵە بەسەر پۆرترێتەکەدا ئەمەش لە تەکنیکی گرافیتی بەم جۆرە دەبینرێت هێڵ بە شێوەیەکی بەرچاو گرافیتی تەکنیکێکی کۆنە لە کاتی سەرەتایی قۆناغەکانی مۆدێرنە بەکارهاتووە، بەڵام ئەوەیی جیاوازی کردووە لە بەکارهێنانی پارچە دارەکان و تێکەڵکردنی تەکنیکەکانە ئەمەش وایکردووە وەک و هونەرێکی هاوچەرخ ببینرێت. پارچە داریی مەتر بە مەتر لەسەر یەک دانراوە لە دواوەیی تابلۆکە بە یەکەوە بەستراون بە یەک پارچە لە ڕووبەریی سپی سەرەتا ڕەنگ کراوە دواتر بە قەلەمی (ink) کاری لەسەر کراوە لە شێوەیی هێڵکارییەک تەکنیکی هێڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ####٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زۆر زاڵە لەسەر ئەم کاری هونەریەدا هەست بە جەنجاڵی و ئاڵۆزیی دەکرێت لە پۆرترێتی ئەم منداڵەدا بە هۆیی یەک بە دوایی یەکی تێکەڵبوونی هێڵەکان خەمباریی بە ڕوخساریەوە هەروەها ڕەقی لە هێڵەکان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بابەتی تابلۆکە کە باس لە جۆرێک نەخۆشی دەکات بە ناویی (Resignation syndrome)* لە دەستە چەپی پۆرترێتەکە چەند گیانەوەرێک دەبینرێت وەک و سیمبولێک دەبینرێت وەک ئەوەیی خەیاڵی منداڵەکە بن پێکهاتوویەک بێت لە ئارامی لە هەمان کاتدا هیلاکی ژیان و شەڕکردن هەست کردن بە خێراِیی و دەرچوون لەو ئاڵۆزیەیی ژیان جیاوازیی لە گیانەوەرەکان دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی بیرکردنەوەی منداڵ منداڵێک لەسەر ئەسپەکە سەیریی ڕووخساری دەکات وەک و ئەوەیی ئارەزووی ژیان بەڵای لێی دوورە لێی ئاڵەدەبوونی ژیانێک کە تەنها بە خەون دەمێنێتەوە نووستنی منداڵەکە بێ کۆتاییەکمان پیشان دەدات وەک ئەوەیی تێپەڕبوونی کات بە خێراِیی و جێگیربوونی منداڵەکەش تەنها لە یەک شوێن و بێ جوڵە، تەنها بەکارهێنانی ڕەنگ لە گیانەوەرکان و ڕەشی سپی لە منداڵەکە جۆرێکی ترە لە ڕەنگاو ڕەنگی ژیانی منداڵێک بەڵام گیرۆدەیی ژیانێکی ڕەش بووە.

---

* "بۆماوەیی نزیکەیی ٢ دەیەیە سوید لەگەڵ نەخۆشیەکی نادیاردا دەجەنگێت تەنیا کاریگەریی لەسەر منداڵانی پەناخواز هەیە."(https://www.bbc.com)



وێنەی(١٨)

هونەرمەند : ئاکۆ کەمال

ناونیشانی تابلۆ : Auto portrait

ساڵی بەدیهێنان : ٢٠١٧

پێوانەی تابلۆ : ١٤٢ X ١٤٩ سم

مادەی بەکارهاتوو : ڕەنگی زەیتی لەسەر کانڤاس

شوێن :

لە ئەرشیفی هونەرمەند

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیکردنەوە :

هونەرمەند لە پۆرترێتەکەیدا دانانی ڕەنگەکانی بە شێوەیەکی خەست و خێرایی لە دانانی ڕەنگەکانی دەبینرێت بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ وردەکارییەک تێیدا، ئەمەش جۆرێکی ترە لە تەکنیکی هونەری هاوچەرخ ئازادبوونی مرۆڤەکان لە تەکنیکەکان و دانانی ڕەنگەکان بە شەفرە لە هەندێک بەشی تابلۆکە بە فڵچە ئەم جۆرە تەکنیکە دەربڕینخوازی نوێی پێ دەوترێت هەروەها تێکەڵکردنی تەکنیکی ئەبستراکت لە کاری هونەریەکەدا. تەکنیکی دانانی ڕەنگەکان دابەش بووە بە دوو بەشەوە لایی ڕاستی پۆرترێتەکە دانانی ڕەنگە گەرمەکان و تاریکەکان لایی ڕاستی پۆرترێتەکە بەشی ڕووناکی بەهێزیی کاری هونەرییەکەیە. ڕەنگەکان بە جۆرێکە ڕەنگی زیندوو زۆر بە ڕوونی دیارە جیاوازی ڕەنگەکان. باگراوندی پۆرترێتەکە و لایی شانەکان تەکنیکی ڕەنگی سادەیی شینێکی زۆر کاڵ بەکارهێناوە ئەمەش وایکردووە تەکنیکی شەفرەیی پۆرترێتەکە زۆر بەرچاوبێت لە یەکەم سەیرکردنمان بۆ تابلۆکە. شڵەژانی دەروونی هێڵە تووندەکانی هونەرمەند بۆ گەیاندنی بە بینەر و کار لەسەرلایەنی سۆزداریی و خودی پۆرترێتەکە دەکات. ڕەنگ لە دەربڕینخوازی نوێ بە شێوەیەکی سادەیە بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بوێری لە دانانی ڕەنگی هونەرمەند دەبینرێت دوور لە پەیڕەوکردنی لایەنی ئیستاتیکا و دەرخستنی دیویکی تریی ناوەوەیی پۆرترێت.

## بەشی چوارەم :

## ئەنجامەکان :

١- هونەرمەندانی کورد تەکنیکی جیاوازیان لە کاری هونەری پۆرترێت بەکارهێناوە لە بەکارهێنانی فڵچە بە شێوازی جۆراو جۆر هەروەک لە کاری هونەرمەند عبدالرحمان میرزا تەکنیکێکی سەردەمیانەیی پێوە دەبینرێت.

٢- هونەرمەندانی کورد کاریگەریی هونەریی خۆرئاوییان بەسەرەوە هەیە، بە شێوەیەکی گشتی لە کاری هونەری پۆرترێتەکان بەڵام، توانیویانە تایبەتمەندیی خۆیان لە کارەکانیان دەربخەن.

٣- هونەرمەندانی کورد تەکنیک و کەرستەیی جۆراو جۆریان بەکارهێناوە بۆ بەدی هێنانی بابەتی کارەکانیان وەک هۆلۆگرافیک ئارت، جام ، دار ....هتد. ئەم تەکنیک و کەرستانە پێشتر هونەرمەندانی خۆرئاوا کاریان لەسەر کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ####٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ڕاسپاردە :**

ڕاسپاردەی ئەوەدەکەم ئەو توێژینەوەیە لەدراسەکردنی ببێتە ماددەیەکی زانستی بۆسوود گەیاندن بە فێرخوازەکان و هونەرمەندان و گشت خوێنەرانی توێژینەوەکە. .

**پێشنیار :**

پێشنیار دەکەم توێژینەوە لە :

تایبەتمەندییەکانی هونەری پۆرترێت لە کارەکانی هونەرمەند عبدالرحمان میرز دا بکرێ.

## سەرچاوەکان :

فەرهەنگ:

-نصار، نواف (2007):المعجم الادبى ، للنشر والتوزيع دار ورد- الأردنية.

Wehmeier, Sally(1993): Oxford Wordpower Dictionary, Publisher -Oxford University Press in kingdom

- ورن، هیلین( 1998): morton word processing ltd. China..oxford word power

سەرچاوە بە زمانی کوردی :

-قادر، ستار(2013) :هونەری پۆرترێت لە وێنەکێشاندا ،سلێمانی:بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە ، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان .

-رەسول ، وەهبی(2010) : ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزم ، بەڕێوەبەرایەتی خانەی - وەگێڕان.

-پیربال، فەرهاد(2006): مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا.دەزگای مێرگ- چابخانەی حاجی هاشم- هەولێر.

-رەسول، وەهبی(2019): خوێندنەوە لە زەمەنی شێوەکاریدا. چاپخانەی پیرەمێرد- سلێمانی.بڵاوکراوە- پرۆژەیی قەفتان.

سەرچاوە بە زمانی ئینگلینزی :

Al Seckel(2004): Masters of Deception: Escher, Dalí & the Artists of Optical Illusion, published by sterling publishing in Canada.

Roza,greg(2005):an optical artist exploring patterns and symmetry.united states of America.

Marzona, Daniel(2004): Minimal Art, Publisher Taschen

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ####٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Carroll, Noël(1999): Philosophy of Art: A Contemporary Introduction, published by routledge in the USA and candana
Morgan, Ann Lee(2017): Historical Dictionary of Contemporary Art,printed in .the united states of America

Wye,Deborah(2004): Artists & Prints: Masterworks from the Museum of Modern Art,printed in germeny
Leitch,Vincent(1996): Postmodernism - Local Effects, Global Flows, printed printed in the united states of America

چاوپێکەوتن :

ئیڤان، ئەزموونەکانی هونەرمەند وەهبی رەسول لە پۆرترێت، وەهبی رەسول(٩-٨-٢٠٢٢)

ئیڤان، تەکنیکی قاوە ، مەحەمەد ئیسماعیل(هەولێر،٧-٥-٢٠٢٢)

ئیڤان، تەکنیکی ئاکۆ کەمال، ئاکۆ کەمال(١٢-٨-٢٠٢٢)

ئیڤان، ئەزموونی هونەریی خەیری ئادەم(٢٥-١١-٢٠٢٢)

سایتی ئینتەرنێت :

https://www.iesa.edu-
https://kawakibyoun.ahlamountada.com-26-4-2022
http://kurdistanart.blogspot.com-16-7-2022
https://manumedia.org-16-7-2022
https://www.youtube.com/c/Vimkrd-16-7-2022
https://www.bbc.com 21-8-2022

# The Most Important Famous Kurdish Artists in Contemporary Portrait Art

**Ivan Najmaddin Saleh**
Department of Painting, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
evanart1234@gmail.com

**Mawlud Ibrahim Hassan**
Department of Kurdish Language, College of Justice, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
mawlud.hassan@su.edy.krd

***Keywords***: *Art, Color Artist, Technique, Portrait*

## Abstract

Portrait is one of the most prominent field artistic processes in the history of painting, which has been constantly in the middle of development and has been present in all artistic stages, has been given great importance since ancient times. Portraits are a means of expressing people's hearts and minds and deepening themselves or getting to know the other person and their feelings. Contemporary portraiture has led to the revival of portraiture in many different forms and techniques, while also showing the artistic importance of portraiture. This research is an attempt to research the most important famous Kurdish artists in the art of portraits on the art of portraits by Kurdish artists who have worked with various techniques and presenting their most important portraits. Our research consists of four parts: Part 1: General framework, which includes the problems, importance, objectives, boundaries and definitions of terms. Here the researcher discusses the problem of the research: Are the portrait techniques of contemporary Kurdish artists their own techniques, or are they imitating the techniques of Western artists? It has also modernized the terminology of definitions such as the terminology: portrait. Part 2: Theoretical Framework The research consists of three topics such as 1- Portrait in art schools 2- Contemporary portraiture 3- Portrait art among Kurdish artists. Part3: Methodology and Implementation of the Research Analysis: Consists of an analysis of several examples of contemporary portrait art by Kurdish artists.Part 4: Consists of conclusions, recommendations, suggestions and list of sources. .

## ملخص:

تعتبر الصورة الشخصية من أبرز العمليات الفنية الميدانية في تاريخ الرسم ، والتي كانت في منتصف التطور باستمرار وظلت حاضرة في جميع المراحل الفنية ، وقد حظيت بأهمية كبيرة منذ العصور القديمة. الصور الشخصية هي وسيلة للتعبير عن قلوب الناس وعقولهم وتعميق أنفسهم أو التعرف على الشخص الآخر ومشاعره. أدى الصورة الشخصية المعاصر إلى إحياء فن الصورة الشخصية بالعديد من الأشكال والتقنيات المختلفة ، مع إظهار الأهمية الفنية للصور. يعتبر هذا البحث محاولة لبحث أهم الفنانين الكرد في فن الصورة الشخصية عن فن الصورة الشخصية لفنانين الكرد عملوا بتقنيات مختلفة وقدموا صورهم الأكثر أهمية. يتكون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بحثنا من أربعة أجزاء: الجزء الأول: الإطار العام ، والذي يتضـــمن المشــكلات والأهمية والأهداف والحدود وتعريف المصــطلحات. وهنا يناقش الباحث مشــكلة البحث: هل تقنيات الصــورة الشــخصــية للفنانين الكرد المعاصـــرين هي تقنياتهم الخاصـــة ، أم أنها تقلد تقنيات الفنانين الغربيين؟ كما قامت بتحديث مصـــطلحات التعاريف مثل المصـطلحات: صـورة. الجزء الثاني: الإطار النظري يتكون البحث من ثلاثة موضـوعات مثل: 1- الصورة الشخصية في المدارس الفنية 2- الصورة الشخصية المعاصر 3- الصورة الشخصية بين الفنانين الكرد. الجزء 3: منهجية وتنفيذ تحليل البحث: يتكون من تحليل عدة أمثلة لفن الصـورة الشـخصـية المعاصـر لفنانين الكرد. الجزء الرابع: يتكون من الاستنتاجات والتوصيات والاقتراحات وقائمة المصادر.